
## ئەگەر بەرزان پەپولەیەکی بێتاوانە ئەوا سەدام فریشتەیە .... دلێر محمود سابیر




ئەگەر بەرزان تکریتی بێ تاوان نەکرا هەڵبەتە هیچمان لە دنیا تێ نەگەیشتوین. جارێ سەبرتان بێ هەوەڵی دەممانە لە گەڵ دادگای پڕ لە عەدالەت و تا سەر ئێسقان دادپەروەرانە، هەر لە یەکەم جەلسەوە دەست کرا بە ئیفراج زۆر دووریش نیە بێ کەفالەت بەری بدەن چونکە متمانەکە ماشاللەی خوای لێ بێت هەر هەبوە و کابرایەك نیە ساختە چی و درۆزن بێت، ئەی نەتان دی قورئانیان بە بەر سنگەوەیە، ئەگینا با مەبەستیش عیلاج بێ خوا قبوڵ ئەکات ئازاد کرێ بێ ئەوەی ئەو کەنزە لە مەعلومات لە سەر تاوانەکانیان دەرخات ئەمە یەکەم هەنگاوە کە دەرگا بخاتە سەر پشت و زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوانی تر بە شێوازی جیا جیا، خوا عەلیمە مەگەر هەر خۆی بزانێ بە تاقە نامەیەکی پڕ لە کوڕوزانەوە گۆڵی لە هەموان کرد. ئەی ئافەرین پەپولە باڵ نەخشینەکەی حیزبی بەعس هەر لە خۆت دێ بە ماوەیەکی زۆر کەم توانیت لە پشت شیشە ئەستوورو قوفڵە زلحۆرتەکانی بەندیخانەو لە ژێر دەستی هێزێکی زەبەلاحی وەك ئەمریکا بە تەنها چەند ڕستەیەکی موفید کار بکەیتە سەر ویژدانی خاوەن دەسەڵاتەکان، زۆرم پێ خۆشە بۆ دۆستی ئازیزی گەلی کورد و خەمخۆری گەورەی میللەتەکەمان کە جارێکی تر لە ژێر پەردەی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە هێدی هێدی کەڵبە تیژەکانی ئەو سەگە دڕە خوێن مژە سەر لە نوێ وەك جاران تیژ بێتەوە بە خواردنی پڕ لە پڕۆتین و ڤیتامین و بەڵکو ئازارەکەی پشتی وەدەر چێ و توشی سوو‌ئی تەغزیە نەبێ و ئەسڵەن هەر زۆر ڕیسوایی بوو کە ئێوەی بەڕێزیان پەلکێش کرد بۆ ئەو شوێنەی کە بە قەدەر زینایەك گوناحی لێ ئەبارێ و شەرم ئەکەم پێی بڵێم (سجن) ە، جێگای تۆی گەورەو بەڕێز زۆر لەوە پیرۆزترە کە چەن چەکلێك پەل بەستت کەن بۆی. ئەم بڕیارەی بۆ بەڕێزت دەرچوو بە نیمچە ئازاد کردنت بە ناوی عیلاجی فەقەراتی پشتتان لە نەخۆشی شێرپەنجە هەڵبەتە لە هیچ وڵاتێك و لە مێژوودا ڕووی نەداوە چونکە تاوانبارانی جینۆ ساید وا پێویست ئەکات کە بە مەرگەساتێ بگەن تا بزانن خەڵکیان چۆن بە جینۆساید قڕ ئەکرد و تا هەست بکەن ئازاری خەڵك چۆن بوو هەر جوانیشە کاتێ دێیتە دەرەوە گوڵ بارانت کەن، مەبەست لە درێژەدان بەژیانی ئەو جەللادە سەگ ڕەفتارە بەد ئەخلاقە خەنجەر دانێکە لە پشتەوە لە هەموو هەست و نەست و سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی ئەو سەدان هەزارانە لە کەس و کاری بێ سەرو شوێن کراوو لە سێدارە دراوو هەموو وون بوویەك و کەم ئەندامێك، زۆر بە داخەوە ئیسپات بوو عەدالەت هەر لە ئاستی تاوانباردا ملی کەچە بەڵام ئەو بێ تاوانانەی کە داوایان لە سەر ئەم خوێن مژانە هەیە کەس گوێ بیستیان نیە کەواتە سوڵتە لە سەروو یاساوەیە ئەگینا دادگا بەر پەرچی ئەو هەڵوێستەی لە مەڕ کێشەی ناوبراو ئەدایەوە، دەی وا ئەو سەردەقی خۆ ئازاد کردنی شکاند خوا کەریمە بۆ ئەوانی تریش، ئەی خۆ سەدامی فریشتەو خاوەن موعجیزەکانی ئاسمان لەوەتی گیراوە شەو نیە خۆی پیس نەکات بە سك چوون، داماوی وا تووشی ئیسهالێك بووە هەر ئاو دائەنیشێ هەر لە بەر ناوی مرۆڤایەتی هیچ نەبێ ڕەوانەی (ئیماراتی بکەن) با بەڵێنەکەی المرحوم شێخ زاید بە زایەع نەچێت و بەد مەزهەبێکی ترتان لە کۆڵ ئەبێتەوە، لەوەش گەڕێ کە تەها جەزراوی بۆ هەموان ئاشکرایە کە خۆی

پیس ئەکات و وەك حاویەی خۆڵی لێ هاتووە هەڵبەتە دڵ و دەروونی حکومەتە خۆشەویستەکەمان زۆر لەوە گەورەترە کە نەتوانێ جەللادێك لە دیلی ئازاد کات، وا باشە هەموو ئازاد کرێن تا وولاتەکەمان ببێتە موعجیزە لە جیهاندا تا بزانن نرخی ئینسان لای ئێمە چەن بەهایە و ئەو پەندە ببێتە مانشێتی ڕۆژانەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان کە ئەڵێ (من قتل نفسا بدون ژنب کانما قتل الناس جمیعا) وا باشە کە کات بە فیڕۆ نەدەین ئێمەش بە تەماشا کردنی ئەو مەهزەلەی دادگایی کردنەوە بەریان دەن قیروسیا (عفی اللە عما سلف) تا بەو شێوەیە ئیسپات بێ کە ئێمە عێراقێك بنیات دەنێین پڕ بێ لە جۆرەها نەخۆشی دڵ و دەروون و شێتی و ئیزدیواجییەت و شیزۆفیلیا ئەوسا کێشەکە تەنها حەب و دەرمانەکەیە و ئێوەش چۆنتان بۆ ئەلوێ دەسەلات هی خۆتانە بە داریا ئەدەن بە بەردیا ئەدەن مخەوەل بن ئێوەمان کرد بە وەکیل.